## چەمکی شکان

هەموو پەنجەرەکانی منالّیم شکاند نەمزانی
لە مانای شکان نەگەیشتم
هەموو کوپەی گەنجێتیم شکان
هەر لە شکان نەگەیشتم
قەدی درەختەکانم شکاند
لە مانای شکان نەگەیشتم
بێدەنگیم شکاند لە مانای شکان نەگەیشتم
شەختەبەندی سەراوەکانم شکاند
ژمارەی پێوانەییم شکاند
قەڵەمی خوم شکاندن، شەرمم شکاند
هەر لە مانای شکان نەگەیشتم
بەڵام کاتێ شووشەی دڵمت وەک گوێز شکاند
ئەوسا لە ماناو ئاوازی شکان گەیشتم

## ئه‌ په‌ڕمه‌وه‌

به‌ڵام ڕێگا هه‌موو به‌ شوێن  پێیه‌كانت داپۆشراوه‌
ئه‌و كتێبانه‌ دووباره‌ ئه‌خوێنمه‌وه‌ گه‌ر بتوانم
به‌ڵام هه‌موو كتێبه‌كان پڕن له‌و لاسكه‌ گوڵانه‌ی تۆ
له‌ نێوان په‌ڕه‌و به‌شه‌كانا هه‌ڵتخستوون
چۆن ئه‌وێرم جارێكی تر بیانخوێنمه‌وه‌
ئه‌ینووسمه‌وه‌ ئه‌و شیعرانه‌ی كه‌ نووسیومن
به‌ڵام هه‌موو ئه‌و شیعرانه‌ هێلانه‌ی تۆن
چۆن هێلانه‌ت بنووسمه‌وه‌
ئه‌و دڵه‌ی خۆم ئه‌گۆڕم گه‌ر بتوانم
به‌ڵام دڵم پڕه‌ له‌ تۆ
چۆن ئه‌توانم یاده‌وه‌ریت بگۆڕم
ویستم هه‌رچی به‌رامه‌ی ناو وشه‌كانمه‌ بیپڕژێنم
به‌ڵام ئاخر به‌چی من تۆ بناسمه‌وه‌
ویستم دیكۆری ژووره‌كه‌م
هه‌ر هه‌مووی هه‌ڵوه‌شێنمه‌وه‌
جۆرێكی تر بیهۆنمه‌وه‌
به‌ڵام هه‌مووی تۆ داتڕشتوون
ترسێكی قووڵ دایگرتم و
ترسام هه‌رگیز نه‌یناسمه‌وه‌
تێكه‌ڵی بوون و مانم بوویت
كام كه‌شتی نه‌جاتم ئه‌دات
له‌م غوربه‌ت و بێتۆییه‌ت بپه‌ڕمه‌وه‌

**باس لە کەسێک ئەکەم**

کەسێ دێ کراسی بای لەبەرە و
خۆی لە گیای ئەزەلی لوولداوە
ئەلفابای ماتەمینی هەموو ڕەنگەکانی پێیە
خاچی خۆی لە شانە و کتێبی نەمری لە دەستە
ڕێگاکان پڕ هاژەی ئاو ئەکا
مارەکان لەکاژی تازەیان سڕ ئەکا
کەسێ دێ ئاگری ئۆلیمپی لە پەنجەی هەڵئەچێ
دەمی پڕ لە جریوەی شیعرو مانایە
زەوی لە ژێر پێیا ئەلەرزێ
دونیا پڕ لە ورشەی فڕینی
بازی باڵ شکاوی خۆی ئەکا
کێڵگەکان ئەکاتە باخی نوور
جەستەیەکی سپی کون کونە وەکو نەی
دۆڵەکان پڕ چڕینی گەرمی  برینی باڵ ئەکا
ئەو کەسە کەس نییە
تەنها وەهمی سەری شاعیرە
دڵی پڕ گەوهەری مرۆڤی شکاوە
خۆی لە چەمکی مانای قووڵ ناوە
لە جەنگی بێهوودەی نەوەکان دێتەوە
بۆ لای ئەو ئاشقەی سەد ساڵە
چاوەڕێی هاتنەوەی ئەو ئەکا
لەمێژە دڵێکی بە تاڵان بردووە
ئەوە تۆی ئەو کەسە ئۆفیلیای سەردەمی نەهاتی
کە دڵمت لەسەر سینی زێڕی ناو لەپت داناوە
وەک ڕێژنە تاو ئەدەی

## قوفڵی ئەبەدییەت

ئەو کاتە لە تەلانە  ئەفسانەییەکانی کێلە شین
کتێبی یۆتوپیام ئەخوێندەوە
سوارانی بەفر هەرەسیان هێنابوو
کۆڤادیسی دەستم کە بە پروشەی تەمی ناو ڕەوەز
هەڵمی لێهەڵئەسا
هەواڵی وادەی تووڕبوونی خۆرەتاوی پێگەیاندم
لەو سەرەوە خۆی کوشت و دونیای لە خوێن وەردا
زانیم شەو کۆمیدیای خۆی ئەنووسێتەوە
شەڕی تەروادە بەڕێوەیە
هەر زوو
جەستەو دەست پەنجەو قاچەکانم کۆکردەوە
هاوارم کرد
من ئێستاکە تەنهاترین مرۆڤم لە گۆی زەوی
جگە لە فوارەی خوێنی جەستەم دەنگێ نابیستم
لە رێگەدا کتێبی هەزار لاپەڕەی تێنوێتیم  خوێندەوە
زمانم وەک کاغەز خشەی دەهات
سەری هەزاران هەزار ڕێگەی بەردەڵانم بڕی
من تەنهاترین مرۆڤ بووم
کتێبی یۆتوپیام ئەخوێندەوە
کە خۆرەتاو وەک قەقنەس
لە خوێنی خۆیا زیندوو بۆوە
لە دوورەوە سەیری کێلەشینم کرد

# پەیکەر

گمەی باران ڕێژنەی کۆتری سەرسامی لوولم ئەدەن
هاژەی چرا ڕووناهی تەبەشی دەریا
فڕینی بەفرو بارینی هەوێردەی ئاڵ
سەیرکە شەوێکە چۆن بۆتە خۆرەتاوی مەحاڵ
ئاشکرای دیلی دەستی نهێنی کردووە
زیندوویی دیلی دەستی مردوویی کردووە
هەموومان باران و چراو با
بۆ مانگە ئەسپەشێی ئەو مەستە ڕێ ئەگرین
درەخت و تاکستان بە تەوقی گەردنی مەلەوە
پەیکەرتاش ئەو زام و ئەشکەی من بەرەوە
کە ئەچیە بناری دار کاژێ
شیرینی و مەینەتی ساتی تفت و تاڵیت
ئەبنەوە بە گوندی مناڵیت
پەیکەرتاش چیم پێیە
بیدەمە ئەم ڕۆحە سووتاوەت
کە گیاو لاولاوەی دۆزەخی لە ناخدا شین بووە
پێتاش و سونبەی خۆت بەرەوە
مەرجانی لە تیشک هەڵاتووی ئەم کێوە
پەرشی نێو ماڵەکەی تۆ بووە
گزنگیش لە دارکاژی نەوای دەروونت ئاڵاوە
پارچەیێ با ڕاگرەو
باوەشێ بۆشایی هەڵگرە
ئەمانە خەونی تۆن کەسی تۆن
کەپری سێبەری تۆن
بارانی نێو دەشت و هامۆنی ڕۆحی تۆن
خەمی تۆن خەونی تۆن

**نەسرەوتن**

پەلەم بگەم بە کەناری پەیوارەوە
تا دیدگام  پەی بە نهێنی  ناخم ببا
پەلەم بگەم بە دارستانە دوورەکان
تا ببینم ئاسکی بەر سێرەی ڕاوچییان
چۆن سوژدە بۆ ئاوی سەر بەردەکان دەبا
با چۆن دەچێتە ناو ماڵی درەختەکان
باوەش باوەش ئاڵتوونی گەڵاو گوڵ دەبا
پەلەم بگەم بە بەلەمی سەفەری دوور
تا بزانم ڕووباری نیشتمانی من
چۆن دوا ئاوڕ دەداتەوەو
هەڵدەڕژێتە ناو دەریاکان
بۆنی خاک و خۆڵی غوربەت
چۆن دەگاتە ناو ماڵەکان
پەلەم بگەم بە بەستەڵەکی قوتبەکان
بچمە ناو ماڵی پەنگوینە ڕەنگ سپییەکان
تا بزانم رازی خۆیان
چۆن بۆ بەفر دەدرکێننن
کەی یەکەم هێلکە دەترووکێ و
بێچوولەیان سەردەردێنن
پەلەم بگەم بە جەنگەڵەکانی ئەمازۆن
تا ببینم کەی یەکەم تیشکی خۆرەتاو
هەڵدەڕژێتە مووی سەر پشت ملی شێرەکان
من گیرۆدەی ئەبەدی گەڕان بە دوای تۆم
تا بگەم بە گەرداوی ناو دورووونی خۆم
پەلەم بگەم

## ئەسپی سپی

بژی لە تەمی چیا بوو، گەردن لە قەندی ئەسفەهان
نە ئەستێرە بوو دارژا، نە کەفچەری لێوارەکان
ئێستا سپی سپی سپی دەچێتەوە
وەک شمشێرلە نێو تاریکی سەرزەمین دەبریسکێتەوە
حیلەی دەگاتە ئاسمان
دەچم بۆ لای ئەسپی سپی بانگم دەکات
نە بە ماڵەکەی دەکەوم نە گۆڕەکەی پێدەزانم
کێ بۆ لای ئەو ئەسپەم دەبات؟
کە زینێکە لە زیواری شەکرو نەبات
دەچم بۆ لای ئەسپی سپی
نە حەقیقەتە نە خەیاڵ
نە لەناو باخی زمانە
نە لەناو سەبەتەی زەمان
تۆ چەند دووری ئەسپی سپی
نە ماڵت دیارە نە گۆڕ
تۆ نە ئاسانی نە مەحاڵ
دەڵێی وەهمی ئەو ماسییەی
ئەبەدییان لێکردووە بە تۆڕ
ئەسپی سپی نە ماینی نێو دەریایە
نە نەهەنگی ناو زەریاکان
ئەسپی سپی کتێبێکی گەورەیە
لە نێو سینەی بێ دڵی جیهان
ئەم کەونەی ڕاگیر کردووە
وەکو پرشنگی خۆرەتاو
زوڵمەتی داگیر کردووە
دەچم بۆ لای ئەسپی سپی
کێ ئەسپەکەم دەگرێتەوە؟

**سەفەر**

گۆزیێ شەراب هەڵئەگرم ئەگەڕێمەوە تەنهایی
تەنهایی کتێبێکی سپی گەوهەرداره
ئەمباتەوە بۆ سەرەتا
تەنهایی خەزنەی پڕ شەوق و سەفایە
ئەمپارێزێ لەژاوەژاوی ئەم چاخە، لە ڕەشەبا
**

گۆزەیێ شەراب هەڵئەگرم
ئەگەڕێمەوە سەرەتا
سەرەتای سپی مناڵی
ئەمباتەوە بۆ تەنهایی
سەرەتا خەزنەی پڕ خاک وخۆڵی پیرۆزه
سەر لە نوێ دروستم ئەکاتەوە
بۆ پاکبوونەوەی ئەبەدی ئەمباتەوە
**

گۆزەیێ شەراب هەڵئەگرم
بەرەو کۆتایی ئەبمەوە
ڕێچکەی جاران ئەگرمە بەر
تا ئەگەمە قەڵای سپی مناڵێتیم
حەکایەتی مەینەتیەکانی بۆ ئەگێڕمەوە
**

گۆزەیێ شەراب هەڵئەگرم
ژیان ئەوەندەی نەماوە
ئەچمەوە خەڵوەتی یەکجاری
ئەچمەوە سەر لاپەڕەی ئەو کتێبانەی
کە شەکریان لێ ئەباری

## له وه‌ڵامی نامه‌ی كه‌سێكدا

ئێمه‌ به‌یه‌كه‌وه‌ مناڵبووین، ئاوی بارانمان ئه‌خوارده‌وه‌
ئێمه‌ هاوسێی یه‌كتری بووین سوێندمان به‌سه‌ری یه‌كتر ئه‌خوارد
ئێمه‌ به‌یه‌كه‌وه‌ ئه‌چوینه‌ قوتابخانه‌و گۆرانیمان بۆ یه‌كتر ئه‌چڕی
له‌ كۆڵانه‌كان شه‌ڕه‌ په‌لكه‌ شوتیمان ئه‌كرد
به‌یه‌كه‌وه‌ ئه‌چوین ئیمتحانمان ئه‌دا و كارتمان وه‌رئه‌گرته‌وه‌
قۆپیه‌مان ئه‌كردو له‌یه‌كمان ئه‌شارده‌وه‌
كتێبی یه‌كتریمان ئه‌دزی و قه‌تاته‌ی یه‌كتریمان ئه‌شكاند
به‌یه‌كه‌وه‌ مورتكی شه‌قامی نه‌خۆشخانه‌ی جمهوریمان ئه‌خوارد
نامه‌ی عه‌شقی مناڵیمان بۆ مه‌عشووقه‌كانی خۆمان ئه‌برد
ئێمه‌ گه‌وره‌بووین یه‌كتریمان ون كردو یه‌كتریمان نه‌دۆزیه‌وه‌
پاشان به‌یه‌كه‌وه‌ چوینه‌ شاخه‌كان
ساڵ دوانزه‌ی مانگ نانی ره‌قمان ئه‌خوارد
ئێمه‌ له‌یه‌ک سه‌نگه‌ر بووین خوێنمان بۆ یه‌كتری ئه‌ڕشت
به‌یه‌كه‌وه‌ هاتینه‌وه‌ شار ژنمان بۆ یه‌كتری ماره‌ ئه‌كرد
به‌یه‌كه‌وه‌ مناڵمان هاته‌ دی ناوی كوردیمان لێئه‌نان
گه‌وره‌بووین و به‌ ساڵدا چووین و هه‌ر به‌یه‌كه‌وه‌ بووین
ئێستا ئاخ ئێستا هه‌ر هه‌موومان ته‌نهاین
له‌ ناو جاده‌و بازاڕو مه‌یدانه‌كان ئه‌سووڕێنه‌وه‌
ئاخ هه‌ڵئه‌كێشین و له‌ كۆستی یه‌كتری ئه‌بووریێنه‌وه‌
(میهره‌بانی چی به‌سه‌رهات
میهره‌بانان چوونه‌ كوێ؟

## بۆ هاورێکانم

1

ئەچمە خۆرهەڵات
ڕۆمیماڵێکی لە قامیشەڵان دروست کردووە
لە مەنفای غوربەت گەڕاوەتەوە
لەسەر گومەزی سپی شیرازا
ناڵەی جوادایی ئەخوێنێتەوە
چی مەل و قومری دەریای خەزەرە
هەر هەموویانی کۆکردۆتەوە

2

ئەچمەوە باکوور ئاخر من وادەم بە ورچێ داوە
لەبەفری قوتبا فەرشێ ڕابخەین
چی ڕاوچی هەیە هەمووی بانگ بکەین
تیروتڤەنگیان لێ بکڕینەوە
بۆ تاهەتایێ خەیاڵی ڕاویان
وەک تەمی بەیان لێ بسڕینەوە

3

ئەچمە خۆراوا والت وایتمان کتبی گیای چاپکردۆتەوە
هەندێ شاعیری هەرچوار ئەقلیمی کۆکردۆتەوە
بەسەر گۆڕەکەی ئەزراپاوەندا
دوا ئیمزا ئەکاو
کتێبەکەشی وەک ماڵاوایی ئەبەشێتەوە

## وەرە ماڵەکەی من

ماڵەکەی من پڕە لە شەوقی ئیرەم و لە عەتری جاویدان
پڕە لە ئاو لە برووسکەی ڤیان
وەرە ماڵەکەی من ماڵەکەی من پڕە لە کتێب
هەر کتێبەو هەزاران دڵۆپە فرمێسکی پیا رژاوە
پڕێەتی لە شەوی دوورو درێژ
هەر شەوەی هەزاران دەستێرەی دەوینتی یەسەریا پژاوە
پڕیەتی لە جریوە
هەر جریوەی لە گەرووی هەزاران وشەدا کوژراوە
ماڵی من دوور نییە لە ناو دڵمایە
پڕیەتی لە سەداو دەنگی تۆ
پڕیەتی لە تاڤگەی  ئاورینی  رەنگی تۆ
وەرە ماڵەکەی من  نەدەرگای هەیە نە پەنجەرە
ئاسمان بەک بست دوورە  دەتوانی  لەسەریا بنووسی
یا بیکەیتە ملوانکە بە گەردنتی هەڵواسی
ماڵی من بریتییە لە چەند شیعرێکی خەمگین
هەموویان دەتناسن  لە تۆ هەڵقووڵاون
ماڵی  من بریتیە  لە چەند کتێبێ  هەمووی باسی تۆیە
ماڵی من بریتیە لە چەند قەڵەمێکی فەریک
هەموویان لە پێشوازی تۆدا خۆیان و شووشە حوبرێ وەستاون
نەخشەی ماڵەکەی من وەک نەخشەی سێوێکە
لە قەفەزی سینەمدا لەبەر تاڤگەی خوێنم  سوور دەبریسکێنەوە
پڕیەتی لە کۆرپەی خورپەی گەرم
لە هەناسەی سپی و چاوەروانی
پڕیەتی لە شەوقی و گۆرانی
پڕیەتی لە ناڵەی دەوین  و هاواری جودایی
وەرە ماڵەکەی من

## من هەمیشە خەون دەبینم

هەندێ جار دەگەم بە زەریا
دەوە میهرەبانی تۆیە دەبێتە کەشتی نەجات
هەندێ جار دەگەم بە بیابان
دەوە یادەوەری تۆیە شەلاڵی بارانم دەکات
هەندێجاریش دەگەم بە لوتکە و هەست دەکەم
دڵی تۆیە لە سینەی منا لێدەدات
چریکەی خەمگینی تۆیە
لە رەوەزە دوورەکانەو بانگم دەکات
من هەمیشە خەون دەبینم
بەڵام گەیشتبمە هەر لایەک
دەوە تۆی لە بەرامبەرما وەستاوی
دەگەر شەو بێت
دەوە بالۆرەیەکی نەرمونیانی تەنهاییم دەڕەوێنیتەوە
دەگەر ڕۆژ بێت
دەوە چەترێکی فڕندەی سێبەرم بۆ دەهۆنیتەوە
من هەمیشە خەون دەبینم دوور دوور دەڕۆم
بەڵام بەردەوام لە گەڵمای پەیمانەم پڕ دەکەیتەوە
دەشکی چەند ساڵەی ڕژاوم بە دڵ بۆ کۆ دەکەیتەوە
دڵی وردوخاشم ئاشقانە ئاو دەدەیتەوە
وەک منالێ جەنەی لە تۆپی گۆشتنی تۆ گرتبێ
دەستم دەخەیتە ناو سینەت، بۆ ماڵەوەم دەبەیتەوە
بۆیە دوور بڕۆم یا نزیک من دیلێکی دەبەدیم و
تۆ هەر کۆتم دەکەیتەوە

زمان و زەمان 65
کتێبی نوور 66
کێوی سپی 69
تۆ بۆ ئەبەد تۆ 71
کتێبەکانم 75
بەراورد 78
تابووتێ لە کتێب 84
ژمارەو ئاواز 87
ئاشکرا 92
ناسینەوەی زیو 93
لەباتی سەدا 95
**دیوانی درەختی خامۆشی 2011** 97
سلێمانی 99
هەموو شتەکان با دەیبا 103
لەنیوەی قەڵەمدا 105
کەسێ لە تەمتوومان 109
گەمەی ئاگرو ئەوین و کتێبان 111
هەمدیس ئەوە تۆی ؟ 117
ئیدی تەواو 121
بوەستە 124
ئارەزوێکی سادە 127
پەیمانە 128
لە ئاقیق درەنگتر 129
سەرەتاکان 130
**دیوانی سکڵی ناو خۆڵەمێش** 131

| | |
|---|---|
| پووشی بەر با | 158 |
| دەنگی ورد و خاشبوون | 159 |
| مرواری ژێر دەریا | 160 |
| یاری | 161 |
| زیندانی بن دەریا | 162 |
| گەڕانەوە لە دیلی | 163 |
| فەنەری منالّی | 164 |
| درەوشانەوەی سەرەتا | 165 |
| لە چاوەڕوانی ئاگردا | 166 |
| لە دوور دوورەوە | 167 |
| **دیوانی بەرز بەرز تا قووڵایی** | 168 |
| یەکەم مالّ | 169 |
| سیمای تاقانە | 170 |
| فاوست | 171 |
| ئەماتۆر | 172 |
| وێنەکانی تۆ | 173 |
| خەیالّ | 174 |
| کەمین | 175 |
| بەرز بەرز تا قووڵایی | 176 |
| مەحالّ | 177 |
| دادی زەمەن | 178 |
| نەگونجان | 179 |
| ڕەنگی ڕەنگەکان | 180 |
| دوورترین تیشک | 181 |
| مێژێک لە هەموو مێژەکان | 182 |
| گۆزەی تیشک | 183 |

ئەچمەوە باخچەکانی وەزیریە 316
من باسی باکوورت بۆ ئەکەم باکوور 318
تۆیش تۆیش ئەبەدی من 321
زەنایێ لە هیچ 323
مەلەکووتی من 326
میری مەحاڵ 328
مۆنادی درەوشاوە 330
پاییزی فینۆف 333
سووڕی زمان 343
من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم 345
دواجار هەموومان شێت ئەبین 351
جوانییەکانی دۆنکیخۆتێ 353
وەرەوە فاتیمە وەرەوە 356
دوا گریانی دانتی 359
لە ستایشی جوانی تۆ 365
دارکهێل 369
خۆم 379
یۆتوپیا 380
کۆکردنەوەی شەونم 382
کاڵبوونەوەی ڕەنگەکان 385
دارشتنەوەی جوانییەکان 386
دڵیش هەروا 389
**دیوانی ژیلەمۆی ناو کتێبان** 391
بازنە 393

| | |
|---|---|
| تەریب | 394 |
| چەمکی شکان | 395 |
| گەورە ماڵ | 396 |
| ژیلەمۆی ناو کتێبان | 397 |
| شاعیر | 398 |
| عاشق | 399 |
| فیلم | 400 |
| پارادوکس | 401 |
| ساقی | 402 |
| ژنێک | 403 |
| چەپڕەو | 404 |
| کۆترباز | 405 |
| هەوڵێک | 406 |
| پۆڕنۆ | 407 |
| بەزین | 408 |
| شەبەقی شکاو | 409 |
| بەدیار بۆقەکانەوە | 410 |
| کلیل شکێن | 411 |
| شەبەنگ | 412 |
| کلیلکار | 413 |
| کەوتن تا ئاسمان | 414 |
| دەریالووش | 415 |
| تانو پۆ | 416 |
| تاسوق | 417 |

| | |
|---|---|
| درەوشانەوەی بەردەوام | 418 |
| بە قەڵەمێکی ئاگرین | 419 |
| ئەپەڕمەوە | 420 |
| تایبەت | 421 |
| شەرابی ئەوین | 422 |
| تۆ چیت؟ | 423 |
| ئابلوقە | 424 |
| باس لە کەسێک ئەکەم | 425 |
| کە رووناکی دائەڕژێ | 427 |
| قوفڵی ئەبەدییەت | 429 |
| پەیکەر | 431 |
| کتێبی دڵ | 433 |
| ئەگەرێ | 434 |
| نەسرەوتن | 435 |
| مرۆڤ | 436 |
| مەمکی خۆر | 437 |
| **ئەسپی سپی** | 438 |
| **نادیار** | 439 |
| **نائارامی** | 440 |
| **عەتر** | 441 |
| **دەرگاکان** | 442 |
| **کتێبی بینایی** | 443 |
| **ئێرەیی** | 444 |
| **باس لە نووری ڕژاو دەکەم** | 445 |

